سەماحەتی حەکیم پێشوازی لە کارگێڕی کارکانی باڵیۆزخانەی ئەمریکا دەکات و خواستی عێراق سەبارەت بە دروستکردنی پێیوەندی هاوسەنگ لەگەڵ پاراستنی سەروەری دووپات دەکاتەوە

بەڕێز عەمار حەکیم سەرکی هاوپێیمانەتی هێزکانی دەوڵەتی نیشتمانی پێشوازی لە کارگێڕی کارکانی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا کرد، لەم دیدارە باس لە دۆخی سیاسی عێراق و ناوچەکە و پێیوەندی دوو قۆی نێوان عێراق و وڵایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و ناوچەکە کرا، هەردوو لا بیرو ڕایان ئاڵوگێڕ کرد سەبارەت چەند دەسیەك کە بایەخی هاوبەشی لای هەردوولا هەبوو.

سەماحەتی حەکیم لەم چاوپێکەوتنە باسی پێگەی مێژوویی عێراق و ڕۆڵی شارستانی قووڵی کرد بەو سیفەتەی یەکێکە لە کۆنترین شارستانیەکانی مرۆڤایەتی و ئاماژەی کرد کە عێراق پێی باشە پێیوەندی تەکەمەی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و جیهان هەبێت، کە لەسەر بەرژەوەندی هاوبەش و ڕێزگرتنی سەروەری بێت، بەشەویەك کە خزمەتی بەرژەوەندییە نەتەوەیی کان و پاریزگاری لە سەربەخۆیی بەیاری بکات.

هەروەها بەڕێز حەکیم سروشتی ئەو گەڕانکاریە سیاسییانەی ڕوونکردەوە کە لەعیراقدا ڕوودەدن و ئاماژەی بەبەرەو پێشچوونەکانی پتەوکردنی سیستمی دەموکراسی و هەوڵەکانی وڵات بە گواستنەوە لەقۆناغی سەقامگیریی کاتییەوە بە سەقامگیریی بەردەوام کردەوە هەروەها جەختی لەوە کردەوە کە پێویستە بە چوارگۆشەی یەکەم نەگەڕێینەوە...

لەکۆتاییدا سەبارەت بە داهاتووی سیاسی، بەڕێز حەکیم جەختی لەسەر گرنگی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو کردەوە و بە خاڵی دەرپەڕینی بەرەو قۆناغێکی باشتر لە ڕووی سەقامگیری وەسفکرد و داوای بەشداری بەرفراوانی هەموو هاولاتیانی کرد.